**بەڕێز د. هانەلۆر کۆشلەر، بەڕێز پرۆفیسۆر .**
**حاجی ئەکمان،**
**بەڕێز فەخریە ئەدسای و ئەندامانی ئەنجومەنی خەڵات،**
**بەڕێز ئەندامانی ئەنجومەنی جەمال نەبەز،**
**هاوکارانی خۆشحاڵ، هاوڕێیانی ئازیز،**

بەدەست هێنانی خەڵاتی جەمال نەبەز، وەک شانازی و پێزانینێکی گەورە خۆشییەکی دەبینم ، بەتایبەت بە ناوی جەمال نەبەز ئەو زانایەی کە تەواوی ژیانی بۆ زانست و بەهێزکردنی بیرۆکەی کوردی پێشکەش کردووە. سوپاسی ڕاستەقینەی خۆم پێشکەش دەکەم بە دەستەی بەڕێوەبەرایەتی دەزگەکە و کۆمیتەی بۆ ئەم ڕێزلێنانە ناوازەیە. هەروەها بۆ میوانەکان و ئەوانەی وتاریان هەیە قسە دەکەن سەبارەت بە توێژینەوەکانم.

خاتوو دوکتۆر کویشلەری خۆشەویست وەرگرتنی ئەم خەڵاتە لە ئێوە بە شێوەیەکی دروست ددانپێدانانە بەو کارەدا کە زیاتر لە بیست ساڵی خۆمم بۆ تەرخان کردووە وەک خۆم بە تایبەت سوپاستان دەکەم کە بەو دڵسۆزی و ماندوونەناسانە و هێزەوە، بە شێوەیەکی تایبەتی سوپاس و پێزانینی خۆمت پێشکەش دەکەم بۆ جەختکردنەوەی لەسەر خزمەت و خەباتی پێگەیەکی گەورە، کە بەردەوامیت لەسەری بۆ پاراستنی بەرهەمی هاوسەرەکەت بە زیندوویی .
ئەم خەڵاتە بەڵگە و سەرچاوەیەکی زیندووی بیرۆکە و ئەندێشەکانی نەبەز و ئامانجی بنەڕەتییەکانی پەیامی دەزگەی ج. نەبەزە ، کە -پاراستن و پەرەپێدانی میراتی کوردناسییە-. ئامانجی کارەکانی منیش لەسەر ئەمە هەڵساوە توێژینەوە لەسەر دابونەرینی زارەکی ئێزیدێتی و کەمینە ئۆلییەکانی تری کوردستان دەکەم- کە ماوەیەکی دوورودرێژ بابەتێکی پەراوێز خراون- لە بواری سەرەکی کاری ئاکادیمیدا بۆ خستنەوە بەر باس و بەهێزکردنیان.

من بۆ خۆم ئەم خەڵاتە بە شێوەیەکی کەسی وەرناگرم ، بەڵکو وەک ناساندن و ددانپێدانێکە بۆ بایەخی قووڵی خودی میراتی رۆحی ئێزیدی و ئەو دەنگانەی بە روون و ئاشکرا پارێزگاری رێز و شایستەیی هەیە و بە دەست دێنن.
لەکۆتاییدا، سوپاسی دڵسۆزی خۆم پێشکەش دەکەم بۆ مامۆستاکانم، هاوکارەکانم، خوێندکارەکانم، هاوڕێکانم و بە تایبەتی خێزانەکەم بۆ پشتگیرییەکی بێسنوورەیان.
سوپاس بۆ هەمووتان

خانا ئۆمەرخالی ٢١.٩.٢٠٢٥
!